www.kurdistannet.org
4-6-2003 2:15

تێبینی كوردستان نێت: ئەم وتارە لە ٤-٦-٢٠٠٣ دا بە هەڵە بەناوی حەسەن یاسین ەوە بڵاوكرابۆوە، لە ڕاستیدا كاك حەسەن جاف نووسیویەتی، ئێمە وەك كوردستان نێت، داوای لێبوردن لەبەرێز كاك حەسەن جاف و كاك حەسەن یاسین دەكەین و هیوادارین بمانبەخشن. لەگەڵ ڕێزماندا..

# خۆ ئێمە رانەمەڕ نین

# پێش ئەمریكا وەڵامان لەیەكێتیو پارتی دەوێ

حەسەن جاف

دوای روخانی رژێمی سەدام، هەرچی ئەوانەی لەوڵاتانی ئەوروپادا سەرو دوكانیان دانابوو و ناوی (حزب) یان لـێ نابوو، هاتنەوە بەغداو سەرو خانویان داگیركردو ناوی "حزب"ەكانیان بە بەردەرگاكەیدا هەڵواسیو كەوتنە چاوپێكەوتن سازدانو قسەی زل كردن وەك ئەوان رژێمەكەی سەددامیان رووخاندبێ، ئەمە جگە لەسەرەك هۆزەكانی عەرەب كە تا دوێنێ عەباو عەگالیان بۆ سەدام بادەدا. .

لەم حەشری سنگ دەرپەڕاندنو خۆ رەپێش خستنەدا تەنها كەسێ ناوی نەبێو باس نەكرێو باسی خۆی نەكا، كوردە، كەهەموو ئەركی بەرەنگاریو رووبەڕووبوونەوەی رژێمەكەی سەددامی لەئەستۆدا بوو، هەر ئەویش بوو چەندین ساڵە رۆڵە بەشەرەفەكانی خۆی دەكردە قوربانیی رێگەی ئازادی راستەقینەی عیراق!!

بۆیە لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین. . گرنگیش نیە ئەم پرسیارە لەكێ دەكرێ، لەئەمریكا یان لەسەركردەكانی خۆمان. . !!.

گرنگ ئەوەیە وەڵام هەبێ. . ئیتر لەهەر لایێكەوە بێ. . !!

ئەوە مانگێ زیاترە رژێمەكەی سەددام بەرەواڵەت رووخاوەو كەفو كوڵو هیستریای هەڵپەركێو خۆبادانو بەرزكردنەوەی ئاڵای بەریتانیاو ئەمریكاو وێنەی بوشو بلێر خەریكە دادەمركێو خەڵك كەوتونەتە بەرزكردنەوەی پرسیار. . ئەی باشە دوایی؟ لەهەموو خەڵكیش زیاتر كورد.

ئێستاش كەئێمەو مانان دەوێرین ئەم پرسیارانە بوروژێنین هی ئەوەیە كەرژێمەكەی سەددام رووخاوەو چیتر كەس ناتوانێ بەتابووری پێنجەم تاوانبارمان بكا، یان بەوەی هەرەشە لەئەزموونە ساواكەمان دەكەین!! چونكە وا خەریكە ئەزموونەكەشمان سەری تیا ئەچێ!!

ئەمریكا وەك دەردەكەوێ، بەپێی نەخشەیێكی پێشوەخت ئامادەكراو كار دەكاو تەنها شتێ كە لەعیراقدا دەیەوێ نەوتەكەیەتی بەپلەی یەكەم، پاشانی شوای وێران بكا سەت ساڵی دیكەش نەیێتەوە سەرخۆیو هەرەشە لەئیسرائیل بكا. . ئەگەر نا، ئەمریكا بۆچی ئەم وڵاتە وێران دەكا؟ بۆچی دامو دەزگاو فەرمانگەو وەزارەتەكان دەداتە دەست خەڵكی دزو تاڵانچیو پێیان دەڵێ فەرموو ببەن!! ئەو ئەگەر عیراق "ئازاد" دەكا دامو دەزگاكانی بۆ تێك دەدا؟ ئەی دوارۆژ چۆنو بەچ شێوەیێك ئەم عیراقە "ئازادە" بەرێوە دەبات؟!.

ئەو ئەگەر بەدوای چەكی كۆمەڵكوژدا دەگەرێ، چۆن رێگە بەخەڵك دەدا بچنە ناو تاقیگەو دەزگا ئەتۆمیو كیمیاویەكانی عیراقەوەو "مادە"كانی تاڵان بكەنو گەورەترین مەترسی لەسەر خەڵكی عیراقو وڵاتەكە دروست بكەن، وەك چەند شارەزایێك لەتەلەفزیۆنەوە باسیان كرد؟

ئەمریكا باس لەزوڵمو زۆرو زەبروزەنگی سەددام دەكاو گوایا تەشریفی هێناوە "ئازاد"مان بكات، تا ئێستاش وا بۆ دوو مانگ دەچێ، نەئاسایشو نە"أمان"و نە دەسەڵات هەیەو خەڵك لەژێر هەرەشەی تاڵانو برۆدا دەژین، بە بەرچاوی سەربازە ئەمریكیەكانەوە خەڵك دەكوژرێو ئەوانیش مێش میوانیان نیە. . خەڵك برسیە. . بێ مووچەیە. . لەهەمووشی گرنگتر لەناو چوار دیواری ماڵەكەی خۆشیاندا دڵنیا نینو ناتوانن ئاسوودەو بێ ترس بخەون!! ئایا ئەمریكا تۆڵەی سەددامو ئەو چەند مووشەكەی بەئیسرائیلیدا كێشا لەخەڵكی عیراق دەكاتەوە؟! ئەگەر وا نیە ئەی ئەمریكا بۆ وا دەكا. . ؟!.

كەركوك كەتەورو چەقی كێشەی كوردەو هەم قودسو هەم دڵەو دەمێكشە بوەتە گرنگترین ئەڵقەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردو هێمای رووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاریو ئەگەر كێشەی كەركوكیش نەبوایە دەمێك بوو مەسەلەی كورد لایێكی بەلایێكدا كەوتبوو "هیچ نەبێ لەباشوری كوردستاندا". .

سەرارِەی هەموو ئەمانە، ئەمرِۆ لەكەركوكدا، عەرەبی "äØæÕã"اتەكانو كۆنەبەعسییەكانو بەرەی توركمانی خاوەن برِیارودەسەلاٌتن. . كوردیش وەكو جاران تەنها تەماشا دەكا. . پارتیو یەكێتیش كەچوونە ناو كەركوك لەبەر دزیو تالاٌن كردنو خانوو داگیركردنو پەرِۆو وێنە هەلٌواسینو لەبەر هەندێ كاری دزێو كەئێرە جێگای باسكردنی نییە، ئاگایان نە لە"قودس"و نە لە"دلٌ" نەمابوو!.

رەنگە یەكێكیان لەوی دیكەیان كەمتری كردبێ، باشتری كردبێ یاخراپتر. . گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە وێنەیێكی تەلٌخو بێزراوی كوردیان پیشان ئەو شارە بریندارەدا، بەوەشەوە نەوەستان، بەلٌكو پەیتا پەیتا كاغەزو پسوولەی لێبوردنو "تزكیە" یان دەدا بەگەورە تاوانبارەانی بەعس، جگە لەپێشوازی لێكردنیانو گوێ گرتن لەداواكاریو سكالاٌكانیان وەك بلٌێیت كورد مالٌو مولٌكو زەویو زاری ئەوانی داگیركردبێ. . !!.

هەلٌوێستی ئەمریكاش تا ئێستا "وەك پرۆژە بۆ دوارِۆژی عیراقو كوردستان" هیچی لـێ نەزانراوەو دیار نیە، تەنها شتێ كەئەمریكا تا ئێستا كردبێتی وێران كردنی وولاٌتەكەیەو برسیكردنی خەلٌكەكەیەتی، ئەمە جگە لەوەی بەئاشكرا هانی دزیو راورِووتو كوشتوبرِدەدا. . ئەگەر نا دوای نزیكەی دوو مانگ لەروخانی رژێمی سەددام دووبارە سوتاندنەوەی وەزارەتی نەخشەكێشانو تەلاری پۆستەو گەیاندن لە (سنەك) چی دەگەیەنێ؟! یانیش خەلٌكی راورِووتكەر بەبەرچاوی هێزەكانی ئەمریكاوە هێرش بكەنە سەر بالٌیۆزخانەی میسرو تالاٌنیشی بكەن، سەرەرِای ئەوەی بالٌیۆز كونسلٌو هەموو فەرمانبەرانی بالٌوێزخانەكە لەوێ بوون، ئەمە جگە لەوەی بالٌوێزخانە حورمەتو "حصانە"ی تایبەتی هەیە، ئەگەر حالٌی بالٌوێزخانەكان ئاوابێ، دەبێ مالٌی خەلٌك كە"حصانە"یان نیە، چۆن بێ؟!.

بۆیە بۆمان هەیە بپرسین، ئەمریكا چی دەكاو چی بەدەستەوەیە بۆ عیراق جگە لەوێرانكردنو تێكدان. . ؟ ئەگەر وەك هەندێ كەس دەلٌێن ئێمەش بلٌێین كارمان بەسەر عیراقەوە نییەو ئێمە كوردینو لەكوردستان "مووسلٌو كەركووكی" لـێ دەرچێ هیچ روینەداوەو نەبووە؟!

دەبێ ئەوسا دوو پرسیار بكرێ، ئەگەر سەركردەكانمان خۆیان بەعیراقی دەزانن پێش ئەوەی خۆبەكورد بزانن وەك "تصریحات"ە پەیتا پەیتاكانیانو گواستنەوەی بارەگای خۆیانو رۆژنامەكانیان بۆ بەغدا، ئەوسا خۆ دەبێ لەدوارِۆژو چارەنووسی عیراقە خۆشەویستەكەیان بپرسن. . !!.

دووەم، ئەگەر خۆشیان بەكورد دەزانن پێش ئەوەی عیراقی بن "كەئێستا نەوایان گوتوەو نەدەلٌێن" خۆ دەبێ ئەوسا بەسەرۆك بۆش بلٌێن ئەرێ چیت بەدەستەوەیە بۆ ئێمەو بەتەمای چیت؟!.

ئەوەی تا ئێستا روونو ئاشكرایە ئەو سەركردە بەرِێزانە "مام جەلالو كاك مسعود"ئەوەندە هەولٌی راگرتنی دلٌی برا عەرەبەكان دەدەنو ئەوەندە پێشوازی لەوان دەكەنو ئەوەندە پسوولەو كاغەزی لێبوردن بەسەر ئەواندا دابەش دەكەن، دەیەكی ئەوەیان بۆ كوردی كەركوكو مووسلٌ نەكردووە.

ئەوان كۆبوونەوە لەگەلٌ هۆزە عەرەبەكانو كەسایەتیە عەرەبییەكانو حزبە عەرەبییەكان دەكەنو دلٌنیایان دەكەنو سەدجار دەس دەدەن بەقورئانا كەعیراقینو یەكێتی خاكی عیراقو سەربەخۆیی عیراقیان لەوان زیاتر مەبەستە. . باشە ئەی نابێ جارێكیش كەلەگەلٌیان دادەنیشن بلٌێن ئێمەش مافی خۆمانە- كەزۆربەی ئەركو خوێنی خەبات دژی سەددامان لەئەستۆ بوو- ئێستە بلٌێن ئێمە كوردین، پێش ئەوەی عیراقی بین، ئێمەش خاوەن خاكو مێژوو نەتەوەو جوگرافیاو زمانی جیای خۆمانینو دەبێ خۆمان بیر لەچارەنووسی خۆمان بكەینەوەو نەخشەی بۆ بكێشینو برِیاری لەسەر بدەین؟! ئایا حزبە كوردییەكان لەخۆرِاییو "فی سبیل الله" بوون بەبەشێ لەپرۆژەكەی ئەمریكا بێئەوەی هیچیان بۆ كورد مسۆگەر كردبێ یان هیچی بۆ دیاری كرابێ لەلایەن ئەمریكاوە.

ئەگەر شتێك هەیە سەبارەت بەكوردو نەخشەو پلانێك بەدەستەوەیە بۆ پێمان نالٌێنو بەئاشكراو بێ پێچو پەنا بۆمانی باس ناكەن. . ؟! خۆ ئێمە رانەمەرِ نین. . ئەوان بەناوی ئێمەوەو وەك سەركردەی ئێمە قسە دەكەنو برِیار دەدەنو بەلٌێنو پەیمان بۆ عەرەبو توركمانو ئەرمەنیو ئاسووریو كلدان دابەش دەكەن. . ئێمەش مافی خۆمانە بزانین چی هەیەو چیمان بۆ دەكرێ!! ئەگەر نا مەسەلەكە هەر قسەیەو بەسو هیچی لـێ سەوز نەبوەو نابێ وەك لەنامەكەی مەدام میتراندا باسی لێوە كرابوو كە بۆ هەردوو بەرِێزان كاك مەسعودو مام جەلالی ناردبوو پێش جەنگ، لەم حالٌەتەشدا، هەر دەبێ پێمان بلٌێنو بزانینو هیچمان لـی نەشارنەوە، چونكە تا ئێستا هیچ ئاسۆیەكی روون دیار نیەو هیچیش بۆ كورد لەكەركوك نەكراوە. . بەپێچەوانەوە رەفیق حزبییەكانو بەرەی توركمانی بەئاشكرا هەرِەشە لەكورد دەكەنو ناهێلٌنو رێگە نادەن (بەیارمەتی ئەمریكا) كەس بگەرِێتەوە سەر مالٌو حالٌی زەوتكراوی خۆی. . تەنها شتێ كەكرابێ ئەوەیە كورد لەرێی پارتیو یەكێتییەوە كراوە بە"أقلیە"و ٢٥٪ دانیشتوانی شار، چونكە ئەوان كەلیژنەیەك پێك دەهێنن لە٢٤ ئەندام بۆ كوردو عەرەبو توركمانو ئاسوری، وەك

یەك‌و یەكسان‌و یەكی (٦) ئەندامانیان بۆ دادەنێن، ئەگەر ئەوەش بزانین كەشەش كوردەكە سیانی پارتییەو سیانی یەكێتیە ئەوسا بۆمان دەردەكەوێ كەرێژەكەی دەچێتە ١٢. ٥٪ ئەگەر لەمەسەلەییكدا ناكۆك بن- كە لەزۆر شتدا ناكۆكن-.

ئەوی دیكەی كەكراوە لەكەركوك چەك كردنی كوردە لەشارەكەدا لەكاتێكدا "مستوگن"ە عەرەبەكان‌و رەفیق حزبییەكان‌و بەرەی توركمانی هێشتا پڕ چەكن. . !!

ئیتر نا هەقمانە بپرسین‌و داوای وەڵام‌و روونكردنەوە بكەین. . پێش ئەمریكا لەپارتی‌و یەكێتی. . ؟!.

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت